# هاوپەیمانی - ئیئتیلاف - تەوافوق

گۆران فەتحی

بۆ هەڵبژاردنەکانی رۆژی 15-12-2005 هەر نەتەوەو مەزهەبو کۆمەڵو لایەنێك لەعێراقدا بەکۆتەلەیەك بەشداری کرد . ئاشکرایە کە شیعە زۆرینەی خەڵکی عێراق پێکدەهێنن، ئەمەش ئەو کارتەیە کە پارتە شیعەگەرا کان بەکاری دەهێننو بوەتە پاڵپشتێك بۆیان لەهەر هەڵبژاردنێکدا سەرکەوتن بەدەست بهێنن، ئەمەش شێوە خۆبەزلزانینێکی بۆ دروست کردوون کە چەندین کاری هەڵەی لێکەوتۆتەوە بەتایبەتی لەسەردەمی جەعفەریدا..هەر ئەمەش حەساسیەتێکی دروست کرد لای نەتەوەو مەزهەبەکانی تر هەتا لای کوردیش کە خۆی بەهاوپەیمانی شیعە دەزانی لەحکومەتدا کە رەنگە دوای دەرکەوتنی ئەنجامە کۆتاییەکانی هەڵبژاردنەکانی 15-10-2005 کورد چەندین حساب بۆ پەیوەندییەکانی بکات لەگەڵ شیعەکاندا.

ئەمەو کورد کە دووەم لیستی سەرەکییە لەدوای لیستی ئیئتیلاف رەنگە ئەمجارە رێژەیەکی کەمتر لەدەنگدەران بەدەست بهێنێت بەهۆی بەشداری کردنی سوننەوە, بەلآم ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لیستی کوردی کاریگەری نامێنێت لەسەر گۆرەپانی سیاسی عێراق چونکە بێگومان دووەم لیست دەبێت لەنێو پەرلەماندا و دەتوانێت ببێتە فاکتەرێکی سەرەکی بۆ هەر پێشهاتێك لەعێراقی ئایندەداو هەردەم هەموو لیستو پارتەکانی تر پێویستیان بەرەزامەندی کورد دەبێت بۆ پێکهێنانی هەر حکومەتێکی نوێ.

رۆڵی کورد لەو سەردانە مەکوکیانە بەرجەستە بوو کە هێزە سەرەکییەکان دەیکەن بۆ کوردستان بۆ ووتووێژ لەگەڵ سەرکردە کوردەکان بۆ گفتووگۆ بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق..هەروەکو چۆن ئەلحەکیمو عادل عەبدولمەهدیو ئەلحەسەنیو جەعفەری.

لیستی تەوافوق کە چەندین هێزی سەرەکی عەرەبە سوونەکانی لەخۆگرتووە ناڕازییە لەئەنجامە بەرایییەکانو پێی وایە تەزویر کراوە لەهەڵبژاردنەکاندا بەتایبەت لەبەغداو چەند شارێکی تر بەکەرکوکیشەوەو داوای دووبارە کردنەوەی هەڵبژاردن دەکات لەو شارانەداو چەندین خۆپیشاندانی ئەنجام دا دژ بەئەنجامە بەرایییەکانی هەڵبژاردنو هەڕەشەی کشانەوە دەکات لەکردە سیاسیەکەدا ئەگەر داواکارییەکانی گوێی لێ نەگیرێت.

باشە دوای ئاشکرا کردنی ئەنجامە کۆتاییەکانی کە رەنگە زۆر نزیك بێت لەهەمان رێژەی ئەنجامە بەرایییەکانەوە کە بێگومان ئیئتیلاف زۆرینە دەبێتو دوای ئەویش هاوپەیمانی کوردستانو ئینجا تەوافوق.

ئایە هاوپەیمانێتیەکان چۆن دەبێتو کێ هاوپەیمانی یەکتر دەبێت بۆ پێکهێنانی حکومەت..ئێمە لێرەدا دەڵێین کورد دەبێت هەزارو یەك حساب بکات بۆ هەر هاوپەیمانێتیەك بۆ پێکهێنانی حکومەت، ئیتر ئایە ئەوە لەگەڵ هەر نەتەوەو کوتلەو لیستێکدا بێتو دەبێت کورد مەرجەکانی خۆی بسەپێنێت بەسەر هەر لایەنێکدا کە دەیەوێت پاڵپشتی کورد بەدەست بهێنێت بۆ پێکهێنانی حکومەت.